# کلتووری توندو تیژ و ئاینی مرۆڤ دۆست

**دلّزار حەسەن**

ئەم وتارە لە پەراوێزی کارە خۆکوژیەکەی شاری هەولێر نووسراوە

ئیبراهیم خەلیل بە لای منەوە دەبێتە ئەو کارەکتەرە ئەکتیڤەی ناو پێکهاتەی کلتوری ئاینی لە مەڕ قسەکردن لەسەر توندوو تیژی و لەناوبردن و کوشتنی ئینسانەوە، کە ئەو لە حاڵێکدا باوکێکی دڵرەق و مرۆڤێکی میهرەبانیش بووە، ئەو دوو چەمکە دژ بەیەکە لە ناو کەینوونەی ئیبراهیمەوە دونیایەك ئیشکالیاتی دینی سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ بەرز راگرتنی بەهای مرۆڤ و بێ رێزی لەبەرامبەر ئەو مەخلووقە خوداییەی لێبەرهەم هاتووە. واتە لێکدانەوەی ئاینناو پیاوە دینیەکان بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان ئیبراهیم بە باوکێکی تا سەر ئێسقان گوێرایەڵ بۆ خوداوەند وەسف دەکەن و پێیان وایە پێغەمبەرایەتی ئەو لە گەورەیی ئەو لە فەرماندەر نەچوونەوەیە کە ئیبراهیم لە بەرامبەر خوداوەند نمایشی کردووە، بەوەی ئامادەبووە کوڕە تاقانەکەی بکاتە قوربانی خودا تا خوداوەند لە پاداشتی ئەوەدا ناوی لە ریزی پێغەمبەرە پاك و گوێرایەڵەکان تۆمار بکات، هەر واش دەرچوو، دوای خۆی قورئان بەدینی حەنیف ناوی ئاینی ئیبراهیم دەبات و خەلیلیش کە رەمزی باوك و سەرمەشقی کردن بوو بە لەقەبی ئیبراهیم پێغەمبەر.

دیارە ئەو نازناوو شانازییەش بۆ ئیبراهیم لە دەرئەنجامی پرۆسەی قوربانی کردنی کورەکەیەوە پێنەدرا، بەڵکو لەو کاتەوە ئیبراهیم خەلیل قۆناغی بە پێغەمبەر بوون تەواو دەکا، کە وەك لە پێشتردا ئاماژەمدا کە بەشی دووەمی ئاینناو خاوەن تێزە هیومانیەکان پێیان وابووە خاڵی وەرچەرخان لە گەورەیی پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە خوداوەند بەدەر لە پەشیوان بوونەوەو یاخی بوونی ئیبراهیم کە مومکین نەبوو دەستبەرداری فەرمانی خودا بێت لە کاتی سەر برینی کوڕە تاقانەکەیدا، باوکێك بەو تەمەنە زۆرەی خۆیەوە ئامادە بێت کورەکەی بخاتە ژێر چەقۆوە بێگومان لە پشتەوەی ئەو گوێڕایەڵیەدا بێ رێز کردن و بێ بەهاکردنی مرۆڤەکانە لە لای مرۆڤەوە. بۆیە خوداوەند لەو پرۆسە مێژووییەدا راستەوخۆ بەشدار دەبێت لە رزگارکردن و بە تەنگەوە هاتنی بەهاو رێزی ئینسان کە دروستکراوی خۆیەتی و خۆشی رێزی لێناوە. لێرەدا دۆخی ئاینی و دەسەڵاتی دینی و پێغەمبەر و مرۆڤەکان کەش و هەوایەکی دیکە بە خۆیەوە دەبینێت و خودا کە خالقی کەون کائیناتە بۆ دوا جار ئینسان دەپارێزێت لە دەسەڵاتی رەهای دین و پێغەمبەر و مرۆڤەکان، ئەو حاڵەتە ئەکتیڤ و پۆزەتیڤەی خوداوەند لەو ئان ساتەدا کە ئاینزاو بیرمەندانی سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی لێکدانەوەی بۆ ئەو واقعە کردووە رێك پێچەوانەی ویستی ئینسانەکان دەکەوێتەوە کە پێیان وایە گوێرایەڵ بوون و لە فەرمان دەرنەچوونی خوداوەند ئەو کاتە چۆتە لوتکە و لە ئاستی رازی بوونی خودا دەبێت کە کە ئیماندار و خواپەرستەکان ئامادەی هەموو شتێکیان تێدا بێت، تەنانەت ئەگەر کوشتن و سەربرینی ئنسانەکان و کەس و کار و منداڵەکانیشیان بێت!!

لەکاتێکدا حیکمەت لەو چیرۆکەی ئیبراهیم بە لای خوداوەندەوە سەرنج راکێشانی کلتوری ئاینیە بۆ مرۆڤ دۆستی و رێزگرتن لە بەهای ئینسانەکان، بۆیە "ئیسماعیل"ی کوڕە تاقانەی ئیبراهیم رزگار دەکات لە فەرمان و دەسەڵاتی باوك لە بەرامبەر ئەوەدا خوداوەند مافی لە ناوبردن و روح کێشانی گیانلەبەرەکان دەگەڕێنێتەوە لای خۆی. بەوەی کە "ئیسماعیل" ئێستا نا ئێستا سەری بە چەقۆ دەبڕدرێت و گیانی دەردەچێ بەڵام خودا ئاژەڵێك کە مرۆڤ لە

کۆنی کۆنەوە گۆشتی خواردووەو بۆ پێداویستی ژیانی بە کاری هێناوە دەیکاتە دیاری لە جێگای دڵڕەقی و بێ ویژدانی مرۆڤەکان کە ئامادەن منداڵەکانی خۆشیان سەربڕن. لێرەدا سەربوردەی ئەو چیرۆکە وا نیشاندەدات کە خوداوەند هاوکات لەگەڵ پاراستنی بەهاو ڕێزی ئینسانەکان لە لایەن مرۆڤەوە بە پیرۆز رادەگرێت لەهەمان کاتیشدا دەیەوێت تاهەتاهەتایە کوشتن و سەربڕینی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ قەدەغە و حەرامبکات.

کەواتە پڕ بەهاترین حیکمەت لەو حیکایەتەدا لە ناوبردنی ئیرادەی توند و تیژی و دڵڕەقییە لە دەروون و هەستی مرۆڤدا، چونکە خوداوەند کە خالقی مرۆڤەکانە تەنها ئەو شەرعیەتی ئەوەی هەیە گیانی گیانلەبەرەکانی هەڵکێشێ$0$ خۆ لەناوبردن و کاری خۆکوژیش کە دیاردەیەکە بە درێژایی مێژوو تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت مرۆڤەکان پەیرەویانکردووە لە کلتوری ئاینی ئیبراهیمدا خودا بە یەکێك لە کارە حەرامەکانی داناوە، بۆیە لێرەدا بە پێی تێگەیشتنی خۆم لەو چیرۆکەدا مرۆڤکوشتن و خۆکوشتن یان کاری خۆکوژی چ بۆ لەناوبردنی ئینسانەکان و لەناوبردنی خودی خۆت بێت ئەوە لە لای خوداوەندەوە قەدەغە و حەرامکراوە. دیارە حەرامیش لە کلتوری ئاینییدا ئەحکامێکی رەهایە، ئەنجامدەرانیشی بە گوێرەی ئەو کلتورەوە جێگای دۆزەخە وەك ئاماژەمان پێدا کوشتن و لەناوبردنی ئینسانەکان بە هەر بانوویەك بێت بە گوێرەی ئەو کلتورە ئاینییەی کە ئیبراهیم خەلیل وەك دینێکی حەنیف گەیاندوویەتیە ئێمە حەرام و قەدەغەکراوە، هەر ئەوەشە وامانلێدەکات مرۆڤایەتی زیاتر ڕێزو بەهای خۆی بزانێت و پرۆسەی کوشتن و لەناوبردن مەحکووم و ریسوا بکات...

لێرەوە بنەماکانی مافی مرۆڤ کە چاوگەیەکی قایمی پارێزگاری کردنە بۆ گەراندنەوەی بەهای مرۆڤ لە لای مرۆڤەوە. ڕێك هاو ئامانج و هاوکاردەبن بۆ هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی ژیاندۆست و هیومانی لە دونیادا بۆیە دەبینین ئەو کۆمەڵگایانەی دیموکراسیەت و بنەماکانی مافی مرۆڤیان تێدا گەشەی کردووە، هاوڵاتیانی خۆشبەخت و کامەرانترن لە چاو ئەو ناوچانەی کە هێشتا لە ژێر بیر و ئایدۆلۆژیا و ئایدیای توندو تیژی و تایفی و خێلەکیدان، رەنگە پرسیار لەوە بکرێت کە ئاین و کلتووری ئایینی هەڵگری کەینوونەیەکی شەڕانگێزەو هەر خۆشی تۆی توندو تیژی و تۆقاندن لە ناخی ئایندارەکان دەچێنێت، هەڵبەتە ئەو تێروانینە رەنگە راستیەکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبێت بە هۆی ئەو گروپە ئوسوڵیانەوە کە ئاین بەکاردەهێنن بۆ دەسەڵات و سیاسەتکردن و کاری توندو تیژیەوە، بەڵام ناکرێت کلتوری ئاینی کە خاوەنی مێژوویەکی درێژو ئەکتیڤ بووە بۆ خستنە سەرپێی ئینسانەکان تا جۆرو ژیانی خۆیان ڕێك بخەنەوە. لێرەدا ئاین و کلتوری دینی تەنها مێژووی یەهود و مەسیحی و ئیسلام ناگرێتەوە، بە لای منەوە ئەو سێ دینە لە جەوهەردا هەڵگری ئوسولیەتێکی سیاسی و دەسەڵاتخوازانەن، لە هەر بارێکیشدا بووبێت هەوڵیانداوە جگە لە مامەڵەی دینیانەیان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی بەدەوری مەعبەد و ئایدیەکەیانەوە لەو لاشەوە هەزاران ئیسانیان بە ناوی شەڕی ئایدیۆلۆژیەکەیانەوە بە کوشتن داوە. من لێرە ئەم سێ ئایینە ناخەمە ریزی ئەو دینانەوە کە لە جەوهەریاندا هیومانین و شەڕ و کوشتار تێیاندا حەرامکراوە، بەڵکو ئاین و تێگەیشتنی ئایینی بە لای منەوە سەرچاوە دەگرێت لە خۆشویستنی خودا و سروشت و ژیان و مرۆژڤەکانەوە. رەنگە ئەو چەند چەمکەی ئاماژەم پیّدا لە ئایینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلامدا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرجەستە بووبێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو چەمکانەدا هەرسێ ئاین گەورەترین سیناریۆی شەڕو کوشتاریان لە بەرامبەر یەکتردا تۆمارکردووە. بۆیە ئوسولیەتی ئەو دینانە جیایە لەگەڵ پرۆژەی ئایینی کۆنفۆشۆسیۆیی لە بارەی ئینساندۆستەوە یان بوودایی لە مەڕ

ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەرزڕاگرتنی بەهای مرۆڤەکانەوە. یان زەردەشتیەت کە بە هەمان شێوە کاری بۆ گەڕاندنەوەی بەهای ئینسان کردووە لە لای مرۆڤەوە، دیارە ئایدیای ئەو کلتورانەش جەنگ و شەڕ و کوشتاریان تێدا حەرامکراوە. ئیبراهیم کە هەڵگری دۆخی شەرانگێزانە بووە لە ئان و ساتی سەربرینی کوڕەکەی، بەڵام خوداوەند فریای کەوتووە و لە سەر دەست و زەمانی ئەودا وەك تێکست و دۆخێکی ئایینی مرۆڤ کوشتنی تێدا قەدەغە و حەرامکراوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئیبراهیم خەلیل شووناسی دینی حەنیف و لەقەبی باوکی پێغەمبەرانی پێڕەوا دەبیندرێت.لێرەدا دەبێت قسەیەکیش لە بارەی توندو تیژی ناو ئوسولّی دینی بکرێت لەو سەردەماندا، وەك ئەو توندو تیژی و تۆقاندن و کارە تیرۆریستیانەی کە بە گشتی لە دونیادا و لە عیراق و کوردستان دەکرێت چونکە سەرجەمی کارە تیرۆریەکان مەغزایەکی دینییان لە پشتەوەیە و لە دواوەی هەر کردەوەیەکیش گروپێکی ئیسلامی خۆی لێدەکاتە خاوەن و بە ناوی دینەوەش خوێنی خۆکوژەکە و قوربانیەکانیش حەلال دەکات، واتە کارەکتەری خۆکوژیەکە بە گوێرەی ئایدۆلۆژیە ئوسولّیەکەیانەوە شەهیدە و دەچێتە بەهەشت –ئەوانیتریش بۆ دۆزەخ– دیارە ئەو جۆرە تێگەیشتنە بەدەر لەوەی دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ زۆرێك لە دەقە دینیەکانی ناو "قورئان" بەهەمان شێوەش شێوەیەك لە هەقیقەتیان بە خۆیانەوە هەڵگرتووە ! ! چونکە گەر ئەو کەس و گروپەی پێی وایە خۆ لەناوبردن و کوشتنی خەڵکی لە ئەرکە پیرۆزەکانی دینە، لێرەدا ئوسولّیەتی دینی کە لە جەوهەریدا هەڵگری دۆخێکی شەڕانگێرانەیە دەتوانین لە ژێر ئەو جۆە بیرکردنەوانەیاندا ئاشکرایان بکەین و بەرەی ئوسولّیەت کە مەغزاکانی دینیان کردۆتە ئامانج بۆ گەیشتنیان بە بەهەشت، ئا لەو کاتە دەتوانین بڵێین هەقیقەت لە کلتوری ئایینی ئەوانەدا لە ناوبردن و کوشتنی مرۆڤەکانە... بۆیە ئەو تیرۆریستانە بە هۆی ئەو تێگەیشتنانەیانەوە لە کلتووری دینی بە بەردەوامی لە بازنەی ئەو هەقیقەتە خوێناویە دەسوورێتەوە کە ئاکامەکەی بە کۆمەڵکوژی ئینسانەکان تەواو دەبێت.ئەو چەند کارە خۆکوژیەی هەولێریش نمایشکردنی ئەو کلتورە خوێناویەیە کە ئوسولیەت بەرهەمی هێناوە. ئەو ئوسولّیەتەی ئایین دەباتە گانگای سروشتی خۆیەوە، ئەو سروشتەی مرۆڤایەتی لە ناو خوێن دەگەوزێنێت. هەڵبەتە کاتێکیش ئایین بەو شێوەیە خۆیمان پێدەناسێنیت ڕەنگە نا هەقیمان نەبێت ئایین و دینداری بە دەردەسەری و نەهامەتی بخوێنینەوە، لە کاتێکدا پێش ئوسولّیەتی دینی مرۆڤایەتی خاوەنی ئاینگەلێکی زۆری هیومانی و ژیاندۆست بووە. لەبەرئەوە مرۆڤایەتی هەقی خۆیەتی شوناسی ئایینی ئوسولّی بە شەرانگێزو مرۆڤکوژ سەیر بکات و خۆزگەیەکیش بۆ ئەو ئاینە مرۆڤدۆستانە بخوازێتەوە کە لە کۆنی کۆنەوە پەیرەوکراون. بۆیە لێرەدا ئایین، مەبەستم کلتوری ئایینە ئینسانییەکانە بە پرۆژەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعریفییان نازانم بەڵکو دەمەوێت قسە لە سەر ئەوە بکەم کە مرۆڤایەتی ئەگەر دەیەوێت لە ناو کلتوری ئاینیشدا بژیت با کلتورێك و دینێك هەڵبژێرێن لە خزمەتی مرۆڤایەتی دابێت و شەڕو کوشتار و لەناوبردنی مرۆڤەکانی لا حەرام و قەدەغەبێت...